# سەرابی نیشتمان

هەژێن
2007 /03/22

لێم مەپرسە:
بۆچ وا وەرسم؛
لە ژیان
لە ئیمزاکردن[1]
لە پارە لە کون دەرهێنان[2]
لە خواردنەوەی بیرە و
شایی و سەمای دیسکۆکان؟

لێرە هاوکارەکەت، هاوسێکەت
هاوپۆل و هاوگەشتەکانت
جەستەیەکن، بێ زمان
لە بیر براون،
سپێدەباشی بەیانیان

لێرەش مرۆڤ؛
ناو و کۆدێکە بۆ کارتی دەنگدان
لێرەش کار و بەرهەم،
نامۆن بە بکەرەکانیان
لێرە گوڵ تەنیا ڕوخسارە،
وەك ئازادییەکەی کوردستان
لێرەش بەخت دیاری دەکا،
چارەنووسی مرۆڤەکان
لێرەش وەك لەوێ
ژیان هەرزانترە لە نان[3]

لێم مەپرسە:
بۆچ ناگەڕێمەوە ئامێزی نێشتمان
بۆچ بە با دەدەم
ساتەکانی تەمەنم،
لە هەندەران
بۆچ خۆزگەکانم، دەکەمە کۆلارە و

هەڵیان دەدەم بۆ ئاسمان..
بۆچ بوومەتە مامەخەمە و
ڕێش و سمێڵم قانگداوە؛
وەك گاڵکێشان

دەزانی بۆ؛
ئەی کیژە دڵدزە هاوسێکەم
ئەی هاوپۆلەکەی جاران
ئەی گوڵەبەرۆژەفرۆشەکەی بەردەم فێرگە
ئەی جەلادەکەی ئاسایشی گشتی
ئەی هاورێکەی بێکاران
ئەی چایچییەکەی گازینۆ بەهار
ئەی ڕۆژنامەفرۆشەکەی کن قەلا
ئەی بارگەرەکەی ئاکرێ
ئەی قاچاخچییەکەی،
ڕێی شەمزینان
ئەی گیانی تەرەبووی،
خنکاوانی ڕێی ئیتالیا و یۆنان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە مانگایەکی زەرد و
هەموو ڕۆژێ بوتڵێ شیری
بەخشییە منالانی،
هەتیو و برسی
منیش پێڵوەکانم دەکەمە شوورەی..
سەرم دەکەمە سەنگەری،
کۆڵنەدان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە کێڵگەکانی کەتالان[٤] و
کانییەکانی بوونە،
بالانوێنی ئەویندارن..
منیش چەك دەکەمە شان و
بەگیان دەیپارێزم،
لە هێرشی فرانکۆکان[٥]

ئەگەر نیشمان
بوو بە شەقامی ئەوین؛
بۆ پیاسەی ئێواران..
منیش گسکێك، بە دەستەوە دەگرم و
خاوێنی دەکەمەوە،
لە زبڵی خوا پێداوان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە سەرپەنای لانەوازان
منیش دڵم دەکەمە پاتیتەختی،
دەست و لاق و سەرم،
دەکەمە شارێ، هێڵی ئاسن،
کۆڵان و مەیدان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە کارگە؛
بۆ هاوەڵ و هاوپۆل و بێکاران
منێش دەبمە ئامێری کار و
بۆ مانالان چێدەکەم؛
چوکلێت و جلکی جوان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە شیرخۆرگە و باخچە
بوو بە فێرگەی دابڕاو لە ئاسمان
بوو بە مۆزەخانە بۆ:
پەیکەری شێخ و بەگ و سیاسەتمەداران
منیش دەبمە چاودێری ڕیگا و بان[٦]

ئەگەر نیشتمان
بوو بە چێشتگەی گشتی،
جلشۆرگە و کابان
منیش بۆ ژنانی لە ئەوین تینوو،
دەبمە جێژوان..
دەبمە هاوسەری چاوەڕوانکراو
دەگەڕێمەوە لە نوگرەسەلمان

ئەگەر نیشتمان
بوو بە پارووەنانی گەرم،
بە نوێنێکی خاوێن و جوان
منیش بۆ بە ساڵاچوان،
دەستم دەکەمە گۆچان

ئەگەر نیشمان
وەك زانۆن[٧] بوو بە هی هەمووان
منیش بۆ پاراستنی؛
لە هێرشی چەتەکانی دەریا و
لوورە لووری گورگان
جەستەم دەکەمە داوەڵ و
برژانگەکانم دەکەمە پاسەوان..
وەك خانییسا[٨]
چاوەکانم دەکەمە گڵۆپ و
ڕۆشن دەکەم؛
شەقام و کۆڵانی تاریکستان.

١- لە هەندێ ولاتی ئەوروپی، بێکاران دوو هەفتە جارێك، دەبێت، بچنە ئیمزاکردن، بۆ سەلماندنی کە بە دوای کاردا دەگەڕێت و بۆ وەرگرتنی بڕە پارەیەك، کە بەشی ژەمێ خواردن لە چێشخانەییەکی پێنج ئەستێرەدا، ناکات.
٢- مەبەست لە پارە دەرکێشانە لە بانکدا، کاتێك کە کاری فەرمی بکەی یا بیمەی کۆمەڵایەتی و بێکاری وەربگری، ناچار دەبێت کارتی بانکێکت هەبێ، بۆ ئەوەی چاودێری بژێوت بکەن و بانکەکانیش سوود لە پارەکەی تۆ بەبێ بەرامبەر،وەربگرن.
٣- ئەم دەستەواژەوە هۆنەر شێرکۆ بێکەش لە هۆنراوەیەکی دا بەکاری بردووە و گۆرانیبێژان نەجمەدینی غوڵامی و بەکری لەکزی کردوویانە بە سروود.
٤- لە شۆڕشی ئەسپانیای ١٩٣٦-١٩٣٩ لە ناوچەی کەتالۆنیا بە دەستپێشخەری سەندیکای کارگەران و هەڵسوڕاوە ئەنارشیستەکان، کارگە و کێڵگەکان کرانە موڵکی گشتی و کاری هەرەوەزییان تێدا ڕێکخرا.
٥- ژەنەراڵ فرانکۆ، ئەو فاشێستە بوو، کە ئەسپانیای ئازادی، کرد بە دۆزەخ بۆ کارگەران و زەحمەتکێشان و بەهەشت بۆ پاشا و سەرمایەدارە مشەخۆرەکان.
٦- مەبەست لە پۆلیسی ڕێگاوبانە.
٧- کارخانەیەکە لە ئەرژەنتین، کە لە لایەن کارگەرانەوە بە شێوازی هەرەوەزییانە بەڕێوە دەبرێت و بەرهەمەکەشی بەپێی خواستی کارگەرەکان و پێداویستییەکانی کۆمیونیتییەکەی دەروبەری دابەش دەکرێت.
٨- Khanyisa وشەیەکی (زولو)ییە و بە واتای ڕوناکردنەوە دێت، زۆر ناوەندی خێرخوازی هەن. هەروەها لە باشوری ئەفریکا وەك هەوڵێك بۆ بەرگرتن بە دەوڵەت و بەشداری نەکردن لە دەنگدانە پارلەمانییەکاندا، خۆبەڕێوەبەری شارەوانییەکان لەژێر ئەو ناوەدا سەریان هەڵداوە.